# نەفرەتی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا

## ئەو هەرێمەی ئەمریکیەکان بە چرای هیوایان دەبینی لە عێراقدا، بەهۆی گەندەڵی و جەنگەوە بووبە قوربانی


نوسینی
ئیرین بانکۆ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە
بەیار عومەر عەبدوڵا



ژوری توێژینەوەی سیاسی ـ گۆشەی ئابوری
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
شوباتی 2017

# نەفرەتی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا

**ئەو هەرێمەی ئەمریکیەکان بە چرای هیوایان دەبینی لە عێراقدا، بەهۆی گەندەڵی و جەنگەوە بوو بە قوربانی**

**نوسینی: ئیرین بانکۆ**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە**
**بەیار عومەر عەبدوڵا**

**ژوری توێژینەوەی سیاسی – گۆشەی ئابوری**
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**
**شوباتی 2017**

## نەفرەتی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا

ئەم هەموو یەدەکی نەوتەی لەم هەرێمەدا هەیە دەکرا ببوایە بە سەرچاوەی داهاتێکی زۆر و هەرێمی کوردستانی بکردایە بە یەکێك لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی جیهان، بەڵام پێچەوانەکەی ڕویدا. هەرێمی کوردستان بوو بە شوێنی ململانێی سیاسی توندو گەندەڵی بێسنور. ئەگەر کورد سەرکەوێت بەسەر داعشدا، هێشتا شەڕێکی قورستری لەبەردەمدایە کە سەرکەوتنە بەسەر گەندەڵیدا. لە (٢٠٠٣) وە بە ملیارەها دۆلاری نەوت ڕژاوەتە کوردستانەوە، بەڵام ئەمڕۆ کوردستان لە قەیرانێکی دارایی قوڵدایە. دۆخەکە بە جۆرێکە هەندێك لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ماڵەکانیان چۆڵ کردووە بۆ ئەوەی لە کەمپی ئاوارەکاندا بژین، چونکە لەوێ ئاو و خواردنیان بە خۆڕایی دەست دەکەوێت. ئەگەر شەڕی داعش یەکێك بێت لە هۆکارەکانی ئەم قەیرانە، ئەوا چاوپۆشی کردن لە گەندەڵی فاکتەری هەرە سەرەکیە.

گەندەڵیەکە لە بەرزترین ئاستدا ڕویداوە، ئەمریکیەکان ڕێیانداوە بەرپرسە کوردەکان بە ئارەزوی خۆیان گەندەڵی بکەن، چونکە خۆشیان سودیان لێدیوە. لەساڵی ٢٠٠٦دا (ئاشتی هەورامی) بەبێ دەنگی دەچێت بۆ هیوستن لە ویلایەتی تەکساس و چاوی بە بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا دەوکەوێت، وەك دیك چینی (جێگری سەرۆك)، جەیمس بەیکەر (بەرپرسی دیوانی سەرۆکایەتی)، جەنەڕاڵ دەیڤد پەترایۆس، ئیدرویس (کۆنگرێسمان). کۆبونەوەکەیان ئەنجامی دەبێت. لەو کۆبونەوەیەدا ئەمریکیەکان بە ئاشتی دەڵێن کە ئاساییە ئێوە خاکی زیاتریش لە سوپای عێراق بسێننەوە، بەو مەرجەی مافی دەرهێنانی نەوتەکە بدەن بە ئەمریکیەکان. بەشێکی زۆر لە بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا سودمەندبوون لە گرێبەستەکانی نەوت، بەڵام کەسیان تۆمەتبار نەکران بە گەندەڵی.

جەیمس جێفری (باڵوێزی پێشوی ئەمریکا لە عێراق)، یەکێك بوو لەوانەی لە گفتوگۆکانی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا زۆر بە چڕوپڕی بەشدار بوو لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا. دواتر بووبە ڕاوێژکاری ئیکسۆن موبێڵ، کە بەڕێوەبەرەکەی، ریکس تیلەرسن، لە کابینەکەی "ترامپ"یش بە وەزیری دەرەوە دەستنیشان کرا. هەروەها زاڵمای خەلیلزاد (باڵوێزی پێشوی ئەمریکا لە عێراق) خاوەنی پشکێکی زۆر بوە لە DNOی نەرویجی و نەوتی هەرێم. پیتەر گالبرێس (دیبلۆماتکاری پێشوی ئەمریکا) ڕێنوێنی کوردەکانی کرد لە

٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٥ كە فشار بكەن بەجۆرێك دەستوری عێراق بنوسرێتەوە كە حكومەتی كوردی بتوانێت بە شێوەیەكی سەربەخۆ نەوت دەربهێنێت. لە هەمان كاتدا گالبرێس كۆمپانیایەكی دامەزراند و گرێبەستی لەگەڵ DNO دا واژۆ كرد. گالبرێس دواجار دانی بەوەدانا كە بەرژەوەندی ئابوری هەبوە لە نەوتی كوردستاندا لە كاتێكدا هاوكاری كوردەكانی كردوە بۆ نوسینەوەی دەستور. بەڵام بە بۆستن گلۆبی وت كە ئەمە بە یەكداچونی بەرژەوەندی تیانیە چونكە لەو كاتەدا ئەو وەك هاوڵاتیەكی ئاسایی كاری كردوە. گالبریس ڕای وایە كە دەرهێنانی نەوتی كوردستان خزمەتێكی زۆری هاوڵاتیانی كوردستانی كردوە، لە كاتێكدا وانیە و نەوتی كوردستان هیچ خزمەتێكی بە خەڵكەكەی نەكردوە.

ژمارەیەكی زۆر لە بەرپرسە سیاسی و سەربازیەكانی ئەمریكا كە لە ساڵی ٢٠٠٣ و ڕزگاركردنی عێراقدا لە بەغدا بوون، لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بە ماوەیەكی كەم پێش تەواوبونی خولی دوەمی سەرۆك بوش، لە كەرتی نەوتی كوردستان سەریان هەڵدایەوە. جەی گارنەر لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوەدانكردنەوەو یارمەتی مرۆیی بوو لە عێراق، كە كاریان بنیاتنانەوەی عێراق بوو پاش داگیركردن. گارنەر و جێگرەكەی ڕیچارد ناب لە ٢٠٠٨دا چونە دەستەی ئیدارەی ڤاست ئیكسپلۆرەیشنەوە، كە كۆمپانیایەكی بچوكی كەنەدی بوو، ئەم كۆمپانیایە لە هەمان ساڵدا لە كوردستانی عێراقدا چەندین بیرە نەوتیان درایە و بایی نزیكەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانیان كرد.

ڕیچارد پەرلە كە سەرۆكی ڕاوێژكارانی وەزارەتی بەرگری بوو لە ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٣ لە زەمەنی بوشدا، بە پێی وۆڵ ستریت جۆرناڵ گرێبەستی لەگەڵ كۆمپانیایەكی توركیدا واژوو كرد (AK Group) لە ٢٠٠٨دا بۆ دەرهێنانی نەوت. پەرلە ئەیویست كار لەسەر بیری خۆرمەڵە بكات كە كەوتۆتە باكوری كەركوكەوە و لە ساڵی ٢٠٠٧ ەوە لە ژێر دەستی كوردایە و یەكێكە لە دەوڵەمەندترین بیرەكان لە گشت ناوچەكەدا. ڕەی هەنت بازرگانێكی گەورەی نەوتە لە تەكساس و یەكێكە لەوانەی پارەیەكی زۆری دابو بە كامپەینی هەڵبژاردنی بوش و یەكێك بووە لە خاوەن پشكەكانی هالیبرتۆن كە دیك چینی بەرێوەبەری بوو. هێنری واكسمان (ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆكی كۆمیتەی بەدواداچون) لێكۆڵینەوەی لێكرد. چونكە ڕەی هەنت لە ٢٠٠٧دا بلۆكێكی لە كوردستان وەرگرتبو لە كاتێكدا ئەوە نایاسایی بوو بە بێ پرسی بەغداد كارێكی لەو شێوەیە بكرێت.

پارەی نەوت بەهۆی گەندەڵی بەرپرسانی كوردەوە هەرگیز نەگەیشتۆتە هاوڵاتیان، ئەمئش ڕاستیەكە كە بەرپرسە ئەمریكیەكان باش لێی ئاگادارن، چونكە شەریك بوون و كاریان

لەگەڵ کردون. ئاشتی کە ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرابوو نەوتی کوردستان بکات بە سەرچاوەیەك بۆ سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی، بەداخەوە بە تەواوی شکستی هێنا. خەمڵاندنەکان جیاوازن، بەڵام زیانەکان کە بەهۆی گەندەڵیەوە بەر هەرێمی کوردستان کەوتوە بە ملیارەها دۆلار دەخەمڵێندرێت، کە دەبو ئەم پارانە بەکاربهێنرانایە بۆ پێشخستنی ژێرخانی ئابوری و دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە. لوئەی خەتیب (شارەزا و پسپۆر لە پیشەسازی نەوتی عێراقیدا، ڕاوێژکاری پێشوی حکومەتی عێراق بۆ سیاسەتی نەوت و وزە) دەڵێت بە پێی خەمڵاندنەکان لە ساڵی ٢٠٠٨ وە تا ئێستا نزیکەی ٤٠ بۆ ٤٥ ملیار دۆلاری داهاتی نەوتی هەرێم دیار نەماوە. خەتیب دەڵێت چیان لەم داهاتە کردووە ؟

وەڵامەکەی ئاسانە، پارەکان ڕۆشتون بۆ ئەو شوێنانەی کە ئەو بەرپرس و بنەماڵانەی حکومەتی هەرێم بەڕێوە دەبەن مەبەستیانە. بە زۆریی دەچێت بۆ ئەو پرۆژانەی کە ئەو بەرپرسانە دەوڵەمەندتر دەکات لەسەر حسابی هاوڵاتیە عێراقیە ئاساییەکان. لە کوردستاندا بنەماڵە زۆر گرنگە، دوو بنەماڵە هەیە کە سیاسەتیان قۆرخ کردوە (بارزانی و تاڵەبانی). هەرچی بڕیاری حکومەت و سەرمایەگوزاری هەیە بە جۆرێکە کە بچێتە خزمەتی پێشخستن و سەرخستنی بنەماڵەوە. گفتوگۆی نەوت ئیشێکی حکومی نیە لە کوردستاندا، بەڵکو بنەماڵەییە. ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت کوردستان بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو دەنێت. حکومەت دەستی کردوە بەوەی پارەی هاوڵاتیانی بەرێت و مافیان بخوات. ئاشکرایە کە سەرجەم گرێبەستەکانی نەوت بە شێوەیەك ڕێکخراون کە سود بە یەکێك لەم دوو بنەماڵەیە بگەیەنێت.

هەورامی زۆر سودی لە هاوڕێیەتی عدنان سەماریە بینی (کە بەرێوەبەر بوو لە کۆمپانیای گۆلدن کیستۆن پیترۆڵ). سەماریە چۆنێتی کارکردنی ناو دەزگای نەوتی حکومەتی مەرکەزی عێراقی دەزانی چونکە خۆی پێشتر لەوێ کارمەند بوبو، وەك جیۆلۆجیست کاری بۆ دەکردن، دەیزانی نەوت لەکوێ هەیە. ئەم زانیاریانە یارمەتی ئاشتی دا کە کۆمپانیاکان بێنێت بەرەو ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان کە پێشتر حکومەتی مەرکەزی دۆزیبونیەوە، بەڵام کاری لەسەر نەکردبون. دواجار سەماریە بو بە بەرێوەبەری لقی هەرێمی کوردستانی گۆلدن کیستۆن. ئاشتی تاکە کەسە لە حکومەتی هەرێمدا بەدەر لە دوو بنەماڵەکە ئاگای لە گرێبەستەکانی نەوت بێت. ئەو سەرپەرشتی سەرجەم گفتوگۆکانی کردوە و بە تەنها مەرجەکانی گرێبەستەکەی دیاری کردوە و بە ئیمەیل بۆ کۆمپانیاکانی ناردوە.

زۆربەی شیرینیەکانی نەوت چوە بۆ حسابە بانکیەکانی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی لە دەرەوەی وڵات. کۆمپانیای ویٚسترن زاگرۆس کە بنکەکەی لە کەنەدایە وا بڕیار بوە ٤٠ ملیۆن دۆلار بدات وەك شیرینی نەوت بە حکومەتی هەریٚم، دواجار ٨٠ ملیۆن دۆلاری داوە. سیمۆن هاتفیلّد سەرۆکی ویٚسترن زاگرۆس لە شایەتیدانیٚکدا دەڵیٚت لەم هەریٚمەدا هیچ شتیٚك بیٚ بەرامبەر نیە. شتیٚك نیە ناوی بەرژەوەندی گشتی بیٚت، ئەوەی کە هەیە بەرژەوەندی تاکەکانە و هەرکەس بەلایەوە گرنگە خۆی چەندی دەست دەکەویٚت. جیٚگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی کوردستان دەڵیٚت: دەبوایە گریٚبەستە نەوتیەکانمان بەجۆریٚك بکردایە کە سودی بە هاوڵاتیانی کورد بگەیەندایە، نەك تەنها کەسە سیاسیە بەهیٚزەکان. ئەم شیرینیانە کە دراون بە حکومەت بە هیچ شیٚوەیەك پیشانی هاوڵاتیان نەدراون و بە هیچ دەزگایەکی حکومی و پەرلەمانیدا تیٚنەپەڕیون. هەموی ساڵ ونیویٚك دەبیٚت وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەستی کردوە بە بڵاوکردنەوەی گریٚبەستەکان، بەڵام بەبیٚ وردەکاری و بە نیوە ناچڵی.

لە یەکیٚك لە کەیسەکاندا کە لە فیلمە خراپەکانی هۆلیود دەچیٚت گفتوگۆیەکی ئیمەیڵیە کە لە نیٚوان ئاشتی و سەرۆکی کۆمپانیایەکی زۆر گەورەو بەناوبانگی ئیماراتیدا ڕویداوەو ئاشکرای دەکات کە کۆمپانیا ئیماراتیەکە ١٢ سەیارەی درعی بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ناردوە هەفتەیەك پیٚش ئەوەی گریٚبەستەکەیان بکەویٚتە بواری جیٚبەجیٚکردنەوە. سەیارە درعەکان بە کۆنتیٚنەری گواستنەوە هیٚنراونەتە کوردستان لە ڕیٚی تورکیاوە لەسەر داوای نیٚچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەریٚم. ئەم شیرینی و بەرتیلانە تەنها یەکیٚکن لە شیٚوازەکانی پیٚکەوەنانی سەروەت و سامانی ناشەرعی لە لایەن بەرپرسە باڵاکانی هەریٚمەوە، بازرگانی ناوخۆش یەکیٚکی ترە لە ڕیٚگەکان. ئاشتی هەورامی زانیاری وردی هەیە لەسەر ئەوەی چ کۆمپانیایەك دەیەویٚت پشکەکانی بفرۆشیٚت، چ کۆمپانیایەك لە ڕوی داراییەوە حاڵی باش نیە، چ بیرە نەوتیٚك زۆرترین بەرهەمی هەیە، چ بیرە نەوتیٚکیش کەمترین بەرهەمی هەیە. ئاشتی ئەم زانیاریانەی بەکارهیٚناوە بۆ سود و بەرژەوەندی شەخسی خۆی و خۆ دەوڵەمەندکردنی. چۆن؟

ئاشتی خۆی لەگەڵ خاوەن بانکەکاندا بازرگانی بە پشکەکانەوە کردوە لە بانکی (HSBC) و (JPMorgan)، بە پیٚی ئەو ئیمەیلانەی کە ( Securities and Exchange Commissions) کۆمسیۆنی چاودیٚریکاری بۆرسەی ئەمریکی و گلۆباڵ پۆست ئینڤیٚستیگەیشن دەستیان کەوتوە. یەکیٚك لەو حاڵەتانە ئەوە بوە کە هەورامی پشکی کۆمپانیایەکی گەورەی نەوتی کڕیوە کە زانیویەتی کۆمپانیایەکی گەورەتر بەتەمایە ئەو کۆمپانیایە بکڕیٚتەوە، کە دەبیٚتە هۆی بەرزبونەوەی نرخی پشکەکانی. Financial

Service Authority فەرمانگەی خزمەتگوزاریە داراییەکان کە کاری چاودێریکردن و ڕێکخستنی بۆرسەی لەندەنە لێپرسینەوەی لە ئاشتی هەورامی کرد لە ٢٠٠٨دا لە پای کڕین و فرۆشتنی پشکەکانی هیریتاج ئۆیلەوە پاش ئەوەی کە خۆی بە شەخسی گرێبەستێکی دانێ. بەڵام هەورامی نکۆڵی لێکردو وتی کڕین و فرۆشتنی پشکانە ڕێپێدراوەو قازانجەکەشی چوە بۆ حکومەت. بەڵام کۆمسیۆنی چاودێریکاری بۆرسەی ئەمریکی دەڵێت ملیۆنەها دۆلار لەو کڕین و فرۆشتنی پشکانەدا دیار نیە.

لە ٢٠٠٨دا بۆرسەی نەرویجی لێکۆڵینەوەی لە کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی کرد کە لە کوردستانی عێراق کاری دەکرد، چونکە (DNO) بایی ٣٠ ملیۆن دۆلار پشکی بە کڕیارێکی نادیار فرۆشتوە، دوایی دەرکەوت کە کڕیارەکە گینێل ئینیرجی تورکیە، هەورامی وەکو دەلاڵ لە نێوانیاندا کاری کردوە. DNO ڕێگری لێکرا کە چیتر لە هەرێم کاربکات، بەڵام هەورامی هەرگیز سزا نەدرا. گەندەڵی لە بەرپرسە باڵاکانەوە شۆڕبۆتەوە بۆ کارمەندەکانی خوارەوەی حکومەت، هەروەها دانیشتوان بەگشتی. خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و دزینی بودجەی گشتی بوە بە دیاردەیەکی گشتی و ئاسایی و تەنانەت کەم کەس وەك شتێکی هەڵە و نامۆ دەیبینن. لە هەمو ئاستەکانی حکومەتدا، لەگەڵ هەندێك بەشی کەرتی تایبەتدا، خەڵکەکان لە کێبڕکێدان بۆ دەوڵەمەندبونی خێراو ناشەرعی، زۆرجار ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی پارە تەزویر بکەن، دەرمانی زیادەو ناپێویست بۆ نەخۆش بنوسن، یاخود بەرتیل لە کۆمپانیا نەوتیە نێو دەوڵەتیەکان وەربگرن. تەنانەت هەندێك لەو سیاسیانەی کە بە ڕواڵەت شەڕی گەندەڵی ئەکەن، خۆشیان زۆر بە قوڵی لە هەندێك گەندەڵیەوە تێوەگلاون.

نێچیرڤان بارزانی لە یەکێك لە کۆبونەوەکاندا کە دڵشاد شەعبانی تیابوە وتویەتی لەوانەیە لە ڕابردودا گەندەڵی هەبوبێت لە کەرتی نەوتدا، بەڵام دەبو بیکەین بۆ ئەوەی کوردستان بپارێزین. ئەم بیرکردنەوەیە زۆر بڵاوە تەنانەت لە ناو ئەوانەی گوایە شەڕی گەندەڵی دەکەن.

لە کاتێکدا بنەماڵە بەهێزەکانی کوردستان و چواردەورەکەیان بەردەوامن لە خۆ دەوڵەمەندکردن، فەرمانبەرەکان چەندین مانگە موچەیان وەرنەگرتوە: ئەمەش وایکردوە بەشێکیان واز بێنن و بە دوای ئیشێکی تردا بگەڕێن و ڕێژەی بێکاری لە کوردستاندا بگاتە سەرو ١٤%. ئەم نایەکسانیە لەناو هەولێریشدا ڕەنگی داوەتەوە. لە نزیك فڕۆکەخانەی هەولێر، بینای ٥٠ قاتی تێدایە کە پڕە لە شوقەی ڕازێنراوە بە سورەیای کریستاڵ، کە جێگەی دەوڵەمەندەکان و کارمەندە باڵاکانی دەوڵەت و بازرگان و بەڵێندەرە

نێودەوڵەتیەکانی نەوتە، کە نزیکن لە هۆتێل دیڤانەوە کە نرخی شەوێکی مانەوە تیایدا ٣٠٠ دۆلارە. لە پشت ئەم بینایانەوە، کەمپی ئاوارە یەزیدیەکانە کە تەنانەت خواردنیشیان بە بەردەوامی بۆ نایەت. لە هەمانکاتدا قوتابخانەکان هێندە کەمن لەچاو ژمارەی قوتابیەکاندا، قەرەباڵغیەکی ئێجگار زۆر دروست بوە لە پۆلەکاندا.

ئەو قەیرانەی کوردستانی گرتۆتەوە بێ هاوتانیە. چەندین وڵاتی تریش هەیە هاوشێوەی کوردستان هاوڵاتیەکانیان مەحروم بون لە نەوت و گاز و سەرچاوە سروشتیەکانیان کە لە لایەن کۆمپانیا گەورە جیهانیەکان و حکومەتە گەندەڵەکانیانەوە تاڵان دەکرێت و نەوتەکەیان لە نیعمەتەوە ئەبێتە نەفرەت. جێنك ڕاندۆن (پرۆفیسۆر لە پیشەسازی وزە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا-ئەمریکا) دەڵێت دانوستان و گفتوگۆ لە گرێبەستە نەوتی و گازیەکاندا هەستیارترین بڕگەیە لەوەی کە یەکلای دەکاتەوە نەوت ببێتە نیعمەت یان نەفرەت، بەداخەوە ئاشتی هەورامی سەرجەم ئەم بڕگە هەستیارەی کۆنترۆڵ کردوە، بۆیە نەوتی کوردستان بو بە نەفرەت بۆ هاوڵاتیەکانی.

نێجیریا یەکێکە لە هەرە بەرهەمهێنە گەورەکانی نەوت لە ئەفریقادا و ١٠ هەمین گەورەترین بەرهەمهێنی نەوتی جیهانە. هاوشێوەی کوردستان، نەوت بەشی هەرە گەورەی ئابوری نێجیریا پێك دەهێنێت. نێجیریا لە ١٩٧٠ کاندا، یەکێك بوو لە ٥٠ دەوڵەمەندترین وڵاتی دنیا، بەڵام ئێستا یەکێکە لە ٢٥ هەژارترین وڵاتی دنیا. هۆکاری سەرەکی داڕمانی نێجیریا لە ڕوی ئابوریەوە گەندەڵی حکومەت و بەرپرسەکانی بوو لەگەڵ نەبونی شەفافیەت لە گرێبەستەکانی نەوتدا. بە سەدەها هەزار بەرمیلە نەوت ڕۆژانە لە بازاڕی ڕەشدا دەفرۆشران و قازانجی ئەو فرۆشتنانە دەچونە گیرفانی بەرپرسە نێجیریەکانەوە. بڵاوبونەوەی هەژاری لە ناو کۆمەڵگەی نێجیریدا بوە هۆی یاخیبون و یارمەتی گروپە تیرۆریستەکانیدا جێپێی خۆیان لەناو وڵاتەکەدا قایم بکەن. ئەم لەعنەتی نەوتە زۆر وڵاتی تریشی گرتەوە لەوانەش: ئەنگۆلا، چاد، ڤەنزوێلا، لیبیا، گینیای ئیستیوائی، بۆتسوانا، پێرو، چیلی، وە ئێستاش کوردستانی عێراق.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا لەگەڵ بەردەوامبونی شەڕی داعشدا، هەزارەها ئاوارەی کورد دەچنە کەمپی ئاوارەکانەوە، نرخی نەوت بە ڕادەیەکی زۆر کەم بەرز دەبێتەوە، بەڵام هێشتا نزیکەی ٥٠ دۆلارە بۆ بەرمیلێك، بەغداش تا ئێستا ئامادە نیە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێت. تەنانەت ئەوانەی زۆر گەشبینن ئاسۆیەکی ڕون نابینن لە ئایندەیەکی نزیکدا کوردستان سەربەخۆیی ئابوری بەدەست بێنێت. بە وتەی فازل نەبی (جێگری وەزیری دارایی) حکومەتی هەرێم پێویستی بە زیاد لە ١ ملیار دۆلاری مانگانە هەیە بۆ

ئەوەی پێداویستیەکانی دابین بکات لە موچەو خزمەتگوزاریەکان، بەڵام ئێستا مانگانە لە ٤٠%ی ئەو پارەیەی دەست دەکەوێت.

کەرتی نەوت کە سەرەتا مژدەی خۆشی بوو بۆ گەلی کورد، ئێستا بەرەو داڕوخان دەچێت. هەندێك لە بلۆکەکان بەرەو وشکبون چون، بەشێکی زۆر لە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت لە ترسی گەندەڵی و تیرۆریستەکان کوردستان بەجێدەهێڵن. لە ٢٠١٥دا کۆمپانیای ئەفرینی بەریتانی ڕایگەیاند کە بلۆکی بەردەڕەش هیچ یەدەکێکی تیا نەماوە. پیترۆسەلتیك ئینتەرناشناڵ (کۆمپانیایەکی ئێرلەندیە) لەگەڵ هێس کۆرپۆرەیشنی ئەمریکی هاتنە دەرێ لە گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا. شیڤرونیش لە بلۆکی ڕۆڤیا هاتە دەرێ بەبێ تەواوکردنی گەڕان و پشکنینەکەی. بەڕێوەبەری گشتی هەندێك لەم کۆمپانیایانە وتیان هۆکاری هاتنە دەرەوەیان لە کوردستان ئەوەیە کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە شێوەیەك تەحەکوم بە گرێبەستەکانەوە دەکات کە وای لێکردون کوردستان بەجێبهێڵن.

کۆمپانیا زەبەلاحەکان کە توانای بەرگەگرتنی دابەزینی نرخی نەوتیان هەیە بەشێکی بلۆکەکانی کوردستانیان دراوەتێ، بەڵام تەنانەت ئەوانیش توانای بەرگەگرتنی ئەو تێچوانەیان نەماوە کە بە هۆی مانەوەیان لە کوردستانی عێراقدا بۆیان دروست بوە کە بەشێکی بەهۆی مامەڵەکردنیانە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا. لە ٢٠١٥دا، گۆلف کیستون پەترۆلیۆم هۆشداریدا کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و پێنەدانی شایستە داراییەکانەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە لەوانەیە نەتوانین چیتر بەردەوام بین لە کارکردن لە هەرێمی کوردستاندا. واتە تەنانەت گۆلف کیستۆن کە زۆر هاوڕێی هەورامی بون لە سەرەتادا توشی نائومێدی بون لە کارکردن لەگەڵیدا. دانا غاز ٢ ملیار دۆلاری لە حکومەتی هەرێم بردەوە لە پای نەدانی شایستە داراییەکانی.

**Source:** Erin Banco, The curse of oil in Iraqi Kurdistan; A region once held up by the US as a beacon of hope in a broken Iraq, Kurdistan has instead—in oil's name—fallen victim to corruption and war, at the site;

https://gpinvestigations.pri.org/the-curse-of-oil-in-iraqi-kurdistan-1c9a9a18efd1#.vbn32w2at